نزای: (اللهم اجعل في قلبي نورا، وفي بصري نورا، وفي سمعي نورا، وعن يميني نورا، وعن يساري نورا، وفوقي نورا، وتحتي نورا، وأمامي نورا، وخلفي نورا، واجعل لي نورا)

له ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: شەو لە ماڵی مەیمونەی پورم بووم، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەستا وێژوبستیەکانی خۆی جێبەجێ کرد -سەرئاوی کرد-، ودەموچاو ودەستەکانی شۆرد، پاشان خەوت، پاشان هەستا، کوندەیەکی ئاوی کردەوە، پاشان دەستنوێژی گرت؛ ئاوی زۆر بەکارنەهێنا بەڵام هەموو ئەندامەکانی بە جوانی شۆرد، نوێژی کرد، منیش هەستام وپشتم ڕێککردەوە؛ حەزم نەکرد بزانێت کە من سەیری دەکەم، دەستنوێژم گرت، هەستا ونوێژی کرد، منیش لە لای چەپی وەستام، بە گوێمەوە ڕامی کێشا ولە لای ڕاستی منی دانا، سیانزە ڕکاتی ئەنجامدا، پاشان پاڵکەوت وخەوت هەتاوەکو دەنگی پرخەی دەهات، وئەگەر بخەوتایە دەنگی پرخەی دەهات، لەو کاتەدا بیلال ئاگاداری کردەوە سەبارەت بە نزیکبوونەوەی کاتی نوێژی (بەیانی)، نوێژی کرد ودەستنوێژی نەگرت، ولە نزایەکیدا دەیفەرموو: «(اللهم اجعل في قلبي نورا، وفي بصري نورا، وفي سمعي نورا، وعن يميني نورا، وعن يساري نورا، وفوقي نورا، وتحتي نورا، وأمامي نورا، وخلفي نورا، واجعل لي نورا)*». *(واتە: خودایە ڕووناکی بخەرە نێو دڵمەوە، وڕووناکی بخەرە نێو بینینمەوە، وڕووناکی بخەرە نێو بیستنمەوە، وڕووناکی بخەرە لای ڕاستمەوە، وڕووناکی بخەرە لای چەپمەوە، وسەرەوەم ڕووناك بکەرەوە، وژێرەوەم ڕووناك بکەرەوە، وڕووناکی بخەرە پێشمەوە، وڕووناکی بخەرە پشتمەوە، وڕووناکیم پێببەخشە)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئیبن عەباس -ڕەزای خوایان لێبێت- لەم فەرموودەیەدا باسی ئەوە دەکات کە شەو لە ماڵی مەیمونەی پوری خەوت، مەیمونە خێزانی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم-، (پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەستا وێژوبستیەکانی خۆی جێبەجێ کرد -سەرئاوی کرد-): واتا سەرئاوی کردن بە میز کردن ودەرکردنی پیسی ناو سک. (ودەموچاو ودەستەکانی شۆرد، پاشان خەوت): پاش ئەوەی سەرئاوی کرد دەست و دەموچاوی شۆرد بۆئەوەی پاک وچالاک بێتەوە. (پاشان هەستا، کوندەیەکی ئاوی کردەوە): واتا پاش ئەوەی لە خەو هەستا، دەمی کوندەیەکی کردەوە ئەمیش لە پێست دروستەکرێت وئاو وشتی تری تێدا هەڵدەگیرێت، ودەمی کوندەکەی کردەوە ئەمیش بە کردنەوەی ئەو پەتەی بە دەمی کوندەکەوە بەستراوە بۆئەوەی ئاوەکەی نێوی نەڕژێت. (پاشان دەستنوێژی گرت): دەستنوێژێکی مامناوەندی گرت، بە بێ ئەوەی هیچ ئەندامێک جێبهێڵێت و نەشۆردرا بێت وبە بێ ئەوەی زیادەڕەوی بکات لە شۆردنی ئەندامەکاندا، بۆیە دەستنوێژێکی مامناوەند بوو. بۆیە ووتی: (ئاوی زۆر بەکارنەهێنا): واتا تەنها سێ جار ئەندامەکانی شۆرد، وئەمە دروستە وسونەتە. (بەڵام هەموو ئەندامەکانی بە جوانی شۆرد): واتا ئاو گەیشت بە هەموو ئەو ئەندامانەی واجبە ئاو پێیان بگات وبشۆردرێن وئەمەیش واجبە. (نوێژی کرد): واتا شەونوێژی کرد. (منیش هەستام وپشتم ڕێککردەوە): ئیبن عەباس -ڕەزای خوایان لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە سەیری پێغەمبەری دەکرد -صلى الله عليه وسلم- لە کردەوەکانیدا، پاشان لەسەر جێگاکەی خۆی درێژ کردەوە، بۆئەوەی وا دەربخات خەوتووە وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەست نەکات ئەو تەماشای دەکات. (حەزم نەکرد بزانێت کە من سەیری دەکەم): حەزی نەکرد بزانێت کە ئیبن عەباس تەماشای کردەوەکانی دەکات، ئەمە هۆکاری ئەوە بوو کە ئیبن عەباس -ڕەزای خوایان لێبێت- خۆی لەسەر جێگاکەی درێژ کردەوە، چونکە مرۆڤ هەندێک جار لە ماڵەکەی خۆیدا هەندێک کردەوە دەکات حەز ناکات کەس ببینێت، یان ترسا لەوەی هەندێک لەوەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- واز لە هەندێک کردەوە بهێنێت بەهۆی تەماشاکردنی ئیبن عەباسەوە؛ چونکە خووی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەو شێوەیە بوو، هەندێک جار وازی لە هەندێک کردەوە دەهێنا لە ترسی ئەوەی نەوەک لەسەر ئومەتەکەی فەرز بکرێت. بۆیە بەم شێوەیە بە نهێنی سەیری پێغەمبەری کرد -صلى الله عليه وسلم- بۆئەوەی هەموو خولەکێکی کردەوەکانی ببینێت لەو کاتەوەی لە خەو هەڵدەستێت هەتاوەکو بانگی بەیانی دەدرێت، ئەمیش نیشانەی سوورىوونی ئیبن عەباسە -ڕەزای خوایان لێبێت-

لەسەر فێربوونی زانست لە بنچینەکەیەوە. دەڵێت: (دەستنوێژم گرت): ولە گێڕانەوەیەکی تردا: [دەستنوێژم گرت بەو شێوەیەی ئەو دەستنوێژی گرت]، ولە گێڕانەوەی -البخاري-دا: [هەستام وئەوەم ئەنجامدا هەروەکو چۆن ئەو ئەنجامیدا]. دەڵێت: (هەستا ونوێژی کرد، منیش لە لای چەپی وەستام): واتا کاتێک ئیبن عەباس پێغەمبەری بینی -صلى الله عليه وسلم- کە دەستی کردووە بە نوێژکردن ئەمیش دەستبەجێ دەستنوێژی گرت وچووە تەنیشتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەڵام لە لای چەپی ڕاوەستا. (بە گوێمەوە ڕامی کێشا): واتا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گوێی ڕاکێشا ولە لای تەنیشتی چەپیەوە بردی بەرەو لای تەنیشتی ڕاستی، ولە گێڕانەوەیەکدا: [پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەستی ڕاستی خستە سەر سەرم، وگوێی ڕاستمی گرت وبە دەستی نوشتاندیەوە]، سەرەتا دەستی دانا بۆئەوەی بتوانێت گوێی بگرێت یان دەستی ڕاستەوخۆ کەوتە سەر سەری، یان بۆئەوەی بەرەکەت دابەزێتە سەر ئیبن عەباس ولە هەموو کردەوەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تێبگات لەو شوێنەدا ولە شوێن وحاڵەتی تردا. [گوێی ڕاستمی گرت وبە دەستەکانی نوشتاندیەوە]: بۆئەوەی ئاگاداری بکاتەوە کە پێچەوانەی سونەتی کردووە، یان بۆئەوەی زیاتر بە ئاگا بێت بۆ لەبەرکردنی ئەو کردەوانە، یان بۆئەوەی باوێشک وحەزکردن لە خەو لە ڕوویدا نەمێنێت، یان ویستی لە لای چەپیەوە بیبات بەرەو لای ڕاستی، یان بۆیە بە هێواشی گوێی ڕاکێشا بۆئەوەی نەرمونیانی بەرامبەری نیشان بدات؛ چونکە ئەمە لە تاریکایی شەودا بووە هەروەکو ئیبن عەباس لە گێڕانەوەکەی -البخاري-دا باسی کردووە، و بۆئەوەی خۆشەویستی بۆی نیشان بدات، چونکە حاڵەتەکە پێویستی دەکرد وتەمەنی کەم بوو. (ولە لای ڕاستی منی دانا): واتا لە تەنیشتی چەپیەوە بردی بەرەو تەنیشتی ڕاستی، ئەمەیش شوێنی گونجاوە بۆ کەسێک بە تەنها لەگەڵ ئیمامدا نوێژ بکات. (سیانزە ڕکاتی ئەنجامدا): واتا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەو شەوەدا سیانزە ڕکاتی ئەنجامدا بە نوێژی ویتریشەوە، لە نێوان هەموو دوو ڕکاتێک سەلامدانەوە هەبوو، هەروەکو لە گێڕانەوەی -البخاري-دا هاتووە: [سەلامی دەدایەوە لە پاش هەموو دوو ڕکاتێک]، ولە گێڕانەوەیەکی تر لە -البخاري ومسلم-دا هاتووە: [پاشان دوو ڕکاتی ئەنجامدا، دوای ئەوە دوو ڕکاتی تر، دوای ئەوە دوو ڕکاتی تر، دوای ئەوە دوو ڕکاتی تر، دوای ئەوە دوو ڕکاتی تر، پاشان نوێژی ویتری کرد]: واتا نوێژی ویتر بە جیا بوو لە دوو ڕکاتەکان، یەک ڕکات بوو بە یەک تەحیات خوێندن وسەلامدانەوەیشی هەیە، ئەگەر دوو ڕکات دوو ڕکات شەونوێژی کردبێت ئەوا شەش جار ئەم دوو ڕکاتیەی ئەنجامدا ئەمیش دەکاتە دوانزە ڕکات؛ جگە لە نوێژی ویتر، وهەموو نوێژەکەی لەو شەوەدا سیانزە ڕکات بوو، وپاش ئەو دوانزە ڕکاتە تەنها نوێژی ویتر مابوو کە یەک ڕکاتە. (پاشان پاڵکەوت وخەوت هەتاوەکو دەنگی پرخەی دەهات): واتا کاتێک خەوت وهەناسەی دەدا دەنگی پرخەی لێوە دەهات وئەمیش کاتێک مرۆڤ بخەوێت هەندێک جار ئەم دەنگەی لێوە دەردەچێت. (وئەگەر بخەوتایە دەنگی پرخەی دەهات، لەو کاتەدا بیلال ئاگاداری کردەوە سەبارەت بە نزیکبوونەوەی کاتی نوێژی -بەیانی-): واتا هەواڵی پێیدا سەبارەت بە نزیکبوونەوەی کاتی نوێژی بەیانی. (نوێژی کرد): سەرەتا نوێژی سونەتی کرد، پاشان دەرچوو بەرەو مزگەوت ونوێژی بەیانی بە جەماعەت کرد. (ودەستنوێژی نەگرت): بەڵکو تەنها دەستنوێژەکەی پێشووتر بەس بوو، وئەمیش تەنها لە تایبەتمەندی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم-، چونکە خەوتنی ئەو نابێتە هۆی ئەوەی دەستنوێژی بشکێت؛ چاوەکانی دەخەون بەڵام دڵی ناخەوێت، ئەگەر شتێک ببێت هەستی پێدەکات جیاواز لە خەڵکی تر، بۆیە کاتێک عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: ئایا دەخەویت پێش ئەوەی نوێژی ویتر بکەیت؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: [يا عائشة إن عيني تنامان ولا ينام قلبي] واتە: [ئەی عائیشە، چاوەکانم دەخەون، بەڵام دڵم ناخەوێت]. (ولە نزایەکیدا دەیفەرموو): واتا یەکێک لەو نزایانەی لەو شەوەدا دەیووت ئەم نزایە بوو. (اللهم اجعل في قلبي نورا، وفي بصري نورا، وفي سمعي نورا، وعن يميني نورا، وعن يساري نورا، وفوقي نورا، وتحتي نورا، وأمامي نورا، وخلفي نورا، واجعل لي نورا)*: داوای نور وڕۆشنایی کرد بۆ ئەندامەکانی وئاراستە وتەنیشتەکانی، ومەبەست ئەوەیە هەق وڕاستی بۆ ڕوون ببێتەوە وببێتە هۆی ڕۆشنایی وهیدایەت بۆی، بۆیە داوای نور وڕۆشنایی کرد لە هەموو ئەندامەکانی لاشەی وهەڵسوکەوتی وحاڵەتەکانی وهەر شەش ئاراستەکان بۆئەوەی لە هەموو حاڵەتێکدا تووشی گومڕایی نەبێت ونور وڕۆشنایی ڕاستی وهەقیقەتی هیدایەتی لێ ون نەبێت وگومڕا نەبێت، وسونەتە مسوڵمان ئەم نزا بەنرخە بخوێنێت چونکە زۆر زیاتر پێویستی بە نور وڕۆشنایی هیدایەت دەبێت لە ژیانیدا. *(واتە: خودایە ڕووناکی بخەرە نێو دڵمەوە، وڕووناکی بخەرە نێو بینینمەوە، وڕووناکی بخەرە نێو بیستنمەوە، وڕووناکی بخەرە لای ڕاستمەوە، وڕووناکی بخەرە لای چەپمەوە، وسەرەوەم ڕووناك بکەرەوە، وژێرەوەم ڕووناك بکەرەوە، وڕووناکی بخەرە پشتمەوە، وڕووناکیم پێببەخشە